* نێکە = زوور کەلەکە کە پشتێنی بەسەرا ئەبەسترێ .
* تپل = پەنجەی دەست یا هی پێ .
* لەدوورە = مەبەستی لەوەیە ، پەلە مەکەو کورج ئارەزووی خۆت بەجێ بێنە ، وردە وردە خەریکبە ، هێشتا زۆری ماوە ڕۆژ بێتەوە .
* ڕنکە ڕنک = بەتاو
* بێری = ئەو ئافرەتەیە کە بەهار لەماڵ دەر ئەکەوێ بۆ مەڕو بزن دۆشین .
* دڕ = زبر .
* گوێزینك = قولەپێ .

3 — کۆمەڵێك لاوكو حەیران ... ل89
* بەقابەتانم = بە قابلیەتم
* ڕەنە سۆران = ناوی شوێنێکی لە گوندێکی کۆیە .

4 — لە زاری ئافرەتانی شاری سلێمانی سالی ، 1960 ، گوێم لێبووەو نووسیومەتەوە .

5 — ئەمینە مەحموود ـ خەڵکی شاری سولەیمانی ـ نەخوێندەوارەو تەمەنی ، 50 ، ساڵەو لە زاری ئەومەوە نووسیومەتەوە .

6 — خ ـ ئاپوڤیان ـ کورد ـ ڕۆژنامەی قەفقاس ـ تفلیس 1848 ، ژمارە ، 47 ، ل 188

7 — چەپکێ لە گوڵاڵە سوورەی شارەزوور ، کۆکردنەوەی عەلی شارەزووری ، چاپخانەی (الحوادث) سالی 1982 ، ل 33 .

8 — هەمان سەرچاوەی پێشوو ـ ل 33

9 — نجم الدین ملا ـ ساڵنامەی کوردی ـ گۆڤاری کاروان ژمارە ، 13 ، ساڵی 1983 ـ ل 39 .
* تار = پێنج ڕۆژەی سەرەتای مانگی بەهارە .

10 — پەندی پێشینانی کورد ـ کۆکردنەوەی عەلی مەعرووف شارەزووری ـ ل ، 34 ،

11 — ساڵنامەی کۆرپاشا ـ ساڵی ، 1984 ، ی ـ ز مەلا کاك ئەحمەدی سەردەری .
* سار = دەشت .

12 — لە زاری ، حەبیبە ڕەحیم ، م نووسیومتەوە ـ خەڵکی شاری هەولێرەو نەخوێندەوارە ـ تەمەنی 48 ساڵە ..

13 — پەندی پێشینانی خال ـ ل 306

14 — عەلی مەعرووف شارەزووری ... ل 54 .

15 — لە زاری خەدیجە شەریف ـ تەمەن 58 ساڵ ، نەخوێندارەو خەڵکی هەولیرە .

16 — لە زاری محمد قادر ـ تەمەن 30 ساڵەو ، خەڵکی ، شێخان ، مو خوێندەوارە

17 — لە زاری عبداللە حسن ـ دهۆك ، خوێندەوارەو تەمەنی 38 ساڵە .

18 — پەندی پێشینانی کورد ـ کۆکردنەوەی ، عەلی مەعرووف شارەزووری ، چاپخانەی ، الحوادث ، ساڵی 1981 ـ ل 29 .

●*●*●

# گۆرانو بەکارهێنانی

گۆرانی نەمر (1904 — 1962) مەزنترین شاعیری نوێخوازی کوردەو ، ئەگەر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهاندا ، لە ناو شاعیرە نوێکەرەوەکانی کورددا هاوتای بووبێ ، ئەوا وەك شاعیرێکی هونەرمەندو بەرهەم زۆرو ، بەپیت ، لەکاروانی شیعری نوێی کوردیدا ، سوارچاکێکی کارامەی بێهاوتا بووە . ئەوەی ڕوونو ئاشکرایەو لەبەر چاومانە ، لەنێوانی هەردوو جەنگەکەی یەکەمو دووەمی جیهاندا ، جوانترینو ناسکترین نموونەی لە شیعری ڕۆمانسیی کوردی پێشکێش بەشیعر دۆستو ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی کردو ، لەگەڵ بەرپا بوونی جەنگی دووەمیشەوە تاکوو ساڵی 1950 زۆر هونەرمەندانە هاتە مەیدانی ئەدەبی ریالیزمو گەڵێ نموونەی لە شیعری ریالیزمی ڕەخنەگەریی خستە بەر دەستی خوێندەوارو ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردیو ، لەدوای ساڵی 1950 شەوە ، کەوتە سەر ڕێبازی ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالستیو ، تاکو ڕۆژی کۆچی دوایی کردنی لە 18 / 11 / 1962 دا جوانترین نموونەی لە شیعری ئەو ڕێبازە نوێیەی پێشکێش بە ئەدیبو ڕەخنەگرانی نەك هەر کورد ، بەڵکو بە ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی نوێی جیهانی کردو ، لەچەند وڵاتێکی پێشکەوتووی گتیدا ، بەتایبەتی لەوڵاتە سۆشیالیستەکان ، بوو بەبابەتێکی بەهێزو پێزی شیاوی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی هاوچەرخانەی



○ کەریم شارەزا ○

# نوێی ڕەمزەکانی نەورۆز

پتەوو ، تا ڕادەیێك نرخی شیاوی خۆیان پێدا .

گەورەیی‌و بەجەرگیی گۆران لەوەدایە ، کاتێ کەزانی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجەی کوشندە بووەو ، دەردێکی بێ دەرمانە ، کەچی لەجیاتی ئەوەی خامەی شیعری لە دەست بەربێتەوەو ، لەووتنی شیعری تازە بکەوێ ، دەبینین گەلێ بەسۆزترو دڵ پڕ جۆش‌و خرۆشتر ، خامە ڕەنگینەکەی گەوهەرو مرواری گرانبەهاتری ڕشتۆتە سەرکاغەز ، هەروەکوو لە هۆنراوەکەی (وەڵامی پرس) دا کردوویەتی .

گۆران لەکۆتایی هۆنراوەکەیدا هۆی ماتی‌و داماویی خۆی ناباتەوە بۆ دەردە کوشندەکەی شێرپەنجەی ، بەڵکوولەو تەنگانەیەشدا هێشتا هەر دەیباتەوە بۆ مەسەلەی گەل‌و نەتەوەکەی کە بەدرێژایی مێژوو هەر لەماتیو خەمباری دابووە ، تاکوو شۆرشی 14 ی تەمووزی ساڵی 1958 ئینجا هەناسەیێکی هاتۆتەوە بەرو ، تازە خەریك بووە هەنگاو بەرەو شادی‌و دنیای ئازادی بنێ ، هەروەك دەڵێ : ـ

بەڵێ دوکتۆر ! خوشکان ! ماتم ،
هەر من نیم (مات) ی وولاتم ،
لە ناو هەزارانا : تاك تاك
لێومان هەیە پێ بکەنێ
لای ئێمە بۆ دنیای شادی
وا تازە خەڵك هەنگاو ئەنێ ![1]

**نەورۆزورەگ و ڕەمزەکانی : ـ**

نەورۆز لەناو نەتەوەی کورددا ، بەسێ ڕەگی قووڵ‌و پتەو لە مێشك‌و دەروونی ڕۆڵەکانیدا چۆتە خوارەوەو ڕەگەکانیشی ئەمانەن : ـ

(1) . ڕەگی سروشت (2) ڕەگی ئەفسانە (3) ڕەگی خەبات .

هەرچەندە لەناو مرۆڤی ئاسایی کورددا کە ناوی (نەورۆز) دێ ، بەزۆری هەر بیری بۆ ڕەگی خەباتی نەتەوەیی دەچێ ، بەلام ئەگەر بە شێوەییێکی زانستیانە لە نەورۆزبکۆڵینەوە ، دەبێ بەهەرسێ ڕەگە سەرەکی‌یەکەی بەناخی ئەورۆژە کۆنەی کورددا بچینە خوارەوە ، لەئەنجامی بەدوا داچوون‌و لێکۆڵینەوەماندا ، دەبینین ڕەگە ئەفسانەیی‌کەی لەهەموو ڕەگەکانی تری بەهێزترو قووڵتر چۆتە خوارەوە .

چونکە ئەگەر نەورۆز هەروەکوو ڕووداوێکی ئاسایی مێژوو وەرگرین ، ئەوا بەسەدان ڕووداوی لەڕادەو پایەی نەورۆزمان لە تۆماری مێژووی گەلاندا دێتە بەرچاوو ، نەورۆزیش یەکێك دەبوو لەو ڕووداوانەو ، ڕۆژێك دادەهات

لەبیر خەڵکەکە چووبایەوە ، چونکە ئەگەر نەورۆز تەنیا وەك سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەر بەسەر ئەژدەهاکی زۆرداردا وەرگرین ، ئەوا دەبێتە ڕووداوێکی ئاسایی مێژوویی‌و بەس .

بەڵام کاتێ نەورۆز وەك ئەفسانەیێکی کۆنی کوردو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرین ، هەست بەجۆرە قووڵی‌یەکی سایکۆلۆژی ئەو ڕووداوە دەکەین‌و ، هەر ڕەمزێکی چەند مانایێکی قووڵ‌و بەپیت دەدەن بەدەستەوە ، هەروەك لەئەفسانەکەی (ئەژدەهاکی زۆردار) دا ، ڕەمزی ئەفسانەیی بەهێزی وەکوو (ئەژدەهاك) و (مار) ەکانی سەرشانی‌و (کاوە) ی ئاسنگەرمان دێتە چنگ ، وەیاخود لە ئەفسانەکەی تری نەورۆز کە دەڵێ : نەورۆز لەئەنجامی سەرکەوتنی هێزی خوداوەندی خێرکە لە (ئاهووره مەزدا) ی خێرخوازو لەشکرێك لە (پەری) خۆی دەنوێنێ بەسەر هێزی خوداوەندی شەڕ کە لە (ئەهریمەن) و لەشکرێك لە (دێو) و (درنج) ی خراپەکاری پێکهاتووەو بۆ شەوی ئەو ڕۆژەی سەرکەوتنیان (ئاگر) یان لەسەر لووتکەی کێوە بەرزەکان کردۆتەوەو خەڵکی هەموو لایێکیان لەو سەرکەوتنەیان ئاگادار کردۆتەوەو ، بۆ ڕۆژی دوایی کردوویانە بە جەژنی (نەورۆز) ، لەم ئەفسانەیەی دووەمدا گەلێ ڕەمزی بەهێزی وەکوو (ئەهریمەن) و (دێو) و (درنج) و (ئاهوورەمەزدا) و (پەری) و (ئاگر) و (نەورۆز) مان چنگ دەکەوێ ، کە هەر یەکێکیان بگری مانایێکی قووڵی لە دواوەیەو ، بابەتی نەورۆز قووڵتر دەکەن‌و بەردەوامی‌و جۆرە نەمری‌یەکی پێ دەبەخشن .

ئەگەر ڕەگی (سروشت) یشی وەرگرین ، کە خۆی لە سەرکەوتنی هێزی بەهاری پڕ خۆشی‌و زیندەگانی بەسەر هێزی زستانی ساردو سەخت‌و پڕ بەفرو بەستەڵەك‌و داهاتنی ڕۆژێکی نوێی پڕ لەخۆشیدا دەنوێنێ ، بەتایبەتی بۆ ئادەمیزادی سەردەمی زووی ناو ئەشکەوت‌و کوڵیتی کەم ئاگرو دووو خۆراك . ئەمەشیان ڕووداوێکی گەورەو بەکار بووە لەژیانی ئادەمیزاددا‌و ، لە وەرزێکی ساردو سەختەوە کەوتۆتە وەرزێکی گەرم‌و پڕ خۆشی .

**گۆران‌و شیعری نەورۆز : -**

گۆرانی شاعیری نوێخواز ، بەپێچەوانەی شاعیرە کلاسیکی‌یەکانی کورد ، کە لە شیعرەکانیاندا ، نەورۆزیان وەك نموونەی سەری ساڵ‌و وەرزی خۆشی وەرگرتووە ، کەچی گۆران بە هەرسێ ڕەگەکەی سروشت‌و ئەفسانەو خەباتی نەتەوەیی کوردەوە لەو ڕۆژە پڕ تین‌و ووزەی شادیی گەلەکەیەوە دەدوێ .

گۆران لە زۆربەی ئەو هۆنراوانەی کە لەسەر نەورۆزی داناون ، لەسەرەتادا لە ڕەگە سروشتی‌یەکەیەوە دەدوێ‌و ، ئینجا بەڕەگی ئەفسانەیی‌یەوە دەلکێنێ‌و ، لە دووایيشدا بەڕەگی خەباتی نەتەوەیی‌و سەرکەوتنی گەلەکەی بەسەر دوژمنانیدا دەبەستێتەوە ، هەروەك لە هۆنراوەیێکی‌دا بەناونیشانی نەورۆز کردوویەتی‌و ، بەم جۆرەی خوارەوە لەو جەژنە نەتەوەیی‌یەی کوردەوە دەدوێ‌و ، دەڵێ : -

گوڵاڵەی دەشت ، نێرگزی مەست ، وەنەوشە ،
وەك پێشەنگی بەهار کەوتوونە گەشە ، ·
هەروەك (سروشت) ئاگاداربێ : کە (کاوە)
چ ڕەنجێکی بۆ ئازادی گەل داوە !

هەروەك مەلان بە حەواوە بزانن :
کە بەساردی چەن دای چەکوش لەئاسن !

تا زنجیری (ئەژدەهاك) ی لە گەردن
نەتەوەیەك داماڵی پێیکی ئاسن !

وەك بینیمان گۆران لەم هۆنراوەیەیدا ، بەسێ هەنگاو تابلۆی شیعرەکەی تەواوکرد ، یەکەمجار ڕەگی سروشتی بەکارهێناو ، لە گوڵاڵەی دەشت‌و نێرگزی مەست‌و گوڵی وەنەوشەی دەربڕی‌و کردی بە پێشەنگی نەورۆزو بەهار ، ئینجا هاتە سەر باسی خەباتی (کاوە) کە ڕەمزی نەتەوەی کوردە لەدژی (ئەژدەهاك) کە ڕەمزی دوژمنانیەتی‌و هەردووکیشیان ڕەمزی ئەفسانەیی کۆنی کوردن‌و ، لەهەمان کاتیشدا نموونەن بۆ ململانێی نەتەوەکەی لەدژی زۆردارانی‌و (چەکوشی کاوە) ش دەکات بەچەکی ئەو ململانێ‌و خەباتە خویناوی‌یەی نەتەوەکەی لەدژی خوێنمژانی .

**گۆران‌و بەکارهێنانێکی نوێی ڕەمزەکانی نەورۆز : -**

گۆرانی شاعیری هونەرمەند ، لە هەندێ لە

هۆنراوەکانیدا هەر بەتێکەڵ کردنی سێ ڕەنگو ڕەگەزەکانی نەورۆز ناوەستێو ، نایەوێ ئەو ڕەنگو ڕەمزانەی نەورۆز تاسەر هەر لەخولگەی ئەو ڕۆژە نوێیەدا بسووڕێنەوەو ، لەقالبو بازنە کۆنەکەیدا نەیێنە دەرەوە ، بەڵکوو لە بواری بەکارهێنانی ڕەمزەکانی نەورۆزدا هەنگاوی نوێتر دەهاوێو هەڵ دەستێ ئەو ڕەنگو ڕەمزانە بەجۆرێکیوا لە شیعردا بەکاردێنێ کە بۆ ئادەمیزادی ئەم چەرخو سەردەمە دەست بدات ، بۆیە هەڵدەستێ هەر ڕەمزێکی نەورۆز بۆهێزێکی کاریگەری ئەم چەرخەمان بەکاردێنێو ، وەستایانە ئەفسانە دەکات بەبەرزترین پلەی ڕەمز : « ئەو ڕەمزەی پتر ڕوونیو گەشو گوڵ بەوێنەی شیعری دەداتو جۆرە قووڵیو فراوانییەك بەماوەی دەربڕینو چەمكو ماناكانی دەبەخشێ ، نەك پەردەییێکی لەتەمو مژیان بەسەردا هەڵبکێشێ . »[3]

گۆران نەورۆز دەکات بەڕەمزی خەباتو تێکۆشانو زاڵ بوون بەسەر نەك هەر (ئەژدەهاك) ی کۆن ، بەڵکوو بەسەر ئەو (ئەژدەهاك) ە نوێیانەی خۆیان لەبەرگی ئیمپریالستو حوکمڕانە نۆکەرەکانیدا دەنوێنن ، بۆیە : « لەوکاتەی خراپەکاری دوژمن لە هۆنراوەکەی (زیندانی ئەژدەهاك) دا ، ئەژدەهاکی کۆن لە بەرگێکی نوێدا ، لەبەرگی پاشاو حوکمدارە هاوچەرخەکان دەردەبڕێ کەجاران حوکمی عیراقیان لەدەست دابووە ، بەبەندکردنو لەسێدارەدانی تێکۆشەران ، دەنگی میللەتیان کپ دەکردو ، دەستیان لە بێنە قاقەی تێکۆشەران دەناو ، بیرو باوەڕیان دەخنکاندن ، گۆران هێزی ئەو بزووتنەوە گەورەیەی میللەتەکەی لە (چەکوش) ەکەی (کاوە) دائەکۆنەکاتەوەو ، زۆردارانی پێ لەناو دەبات[4] . »

بابزانین گۆرانی شاعیری هاوچەرخمان چۆن ئەم تاقیکردنەوە نوێیەی لە هۆنراوەکەی (زیندانی ئەژدەهاك) دا پێشکێش بە ئەدەب دۆستان دەکاتو چ لەسەرەتای هۆنراوەکەیدا دەڵێ ؟

ئەژدەهاك ! زیندانت قەڵا قەڵایە ؛
دیواری کۆنکرێت دەرگای پۆڵایە .

ئەژدەهاك ! کون بڕە ، سەختە زیندانت
نا ڕووشێ بە بڕبەن بەندی گرانت ![5]

گۆران دوای ئەوەی لەزیندانە سەختەکەی ئەژدەهاکی هاوچەرخ دەدوێ ، دەکەوێتە سەر باسی ڕەوشتو خووی ئەو ئەژدەهاکە نوێیانەی لەسەر ئەو هەموو هێزو دەستەڵاتەی هەیانە ، هێشتا لەبیری تازەو مێشکی نوێی لاوان دەترسن ، بۆیە لە زیندانەکانیان بەندیان دەکەنو خەریکی لەناوبردنیانن و دەڵێ : ـ

ئەژدەهاك ! ئەی دێوی لە (بیر) زراو چوو ،
ئەی ناشتای مارانت بەمێشك کردوو !

ئەو مێشك تازانەی زنجیرت کردوون ،
لە لێوی پێچاڵی مەرگا ڕاتگرتوون ،

چاوەڕێی فەرمانن بەرێی نە هاتا
ببرێنە بەر تەناف لە نۆرەو کاتا ،

بەم جۆرە گۆران هەیکەلی هۆنراوەکەی لەسەر بنکەو بنچینەی ئەفسانەکەی (ئەژدەهاك) و (مار) ەکانی سەر شانی دادەمەزرێنێ . زۆر هونەرمەندانە ڕەمزە ئەفسانەییەکان ، بۆ ئینسانی ئەم سەردەمەمان بەکاردێنیو ، بە جوانی لێیان سەردەکەوێ .

ئەوەی شیاوی باسە ، شاعیر ئەم هۆنراوەیەی لەزیندانی پاشەیەتی گۆڕکراودا داناوە ، لەوکاتەی کە خۆیو هەزارانی وەکوو خۆی تاڵاوی ئازارو ئەشکەنجەی ئەو زیندانەیان چەشتووەو ئەو ژانو موعاناتەی خۆیو هەڤاڵانی کردووە بە هەوێنی شیعرەکانیو ، چەند نموونەیێکی شیعری ڕیالیزمی ڕەخنەیی پێشکێش کردووین ، بۆیە : « شاعیری هونەرمەندمان لە ڕێگەی ئەم هۆنراوە بەرزانەیەوە بە ناخی ژیانی کۆمەڵدا دەچێتە خوارەوەو ، گەلێ شت لە هێزی چەکوشەکەی (کاوە) وە فێردەبێ ، کەچۆن سەری ئەوانەی وەکوو (ئەژدەهاك) ن دەپەڕێنێ ؟! شاعیری هونەرمەندمان لەم هۆنراوەیەیدا (نووری سەعید) بە (ئەژدەهاك) ی زۆردار دادەنێو ئیمپریالستەکان بەو دوو (مار) ە دادەنێ کە لەسەر شانی ڕووا بوونو مێشکی لاوانی وڵاتیان دەخوارد »[6]

هەروەك شاعیر لە دێڕە شیعرەکانی دیکەیدا دەڵێ : ـ

بەڵام تۆ ، (ئەژدەهاك) ، لە هەڵپەی خۆراك
نا توانی بکەوی بۆ (مار) ی ناپاك ؛

هەر ئەگری ، ئەکوژی ، ئەدەی لە گەردن ،
مێشك دەرخوارد ئەدەی بە (مار) ی ئەوسن ...

تا رۆژێك ئەو خوێنەی بە ناحەق ڕشتت ،
ئەو بییرەی وات زانی ئێجگاری کوشتت ،

تاو ئەدەن تەنووری دەماری (کاوە) ،
ئەو چەکوش وەشێنەی ڕۆڵە کوژراوە !

ئەخرۆشێ و ئەجۆشێ و کۆمەڵ یەك ئەخا ،
هەر هەڵساو ئەبینی زیندانت رووخا !

کاتێ کە سەرنج دەدەین ، دەبینین : « لە هۆنراوەکەدا ، (مارەکان) رەمزی ئیمپریالیزمن و (ئەژدەهاك) رەمزی (نووری سەعید) و (کاوە) ش رەمزی گەلی تێکۆشەرو ، ئەوانەی کوت و کەلەپچە کراویش رەمزی ئەو تێکۆشەرانەن ، کە لەپێناوی ئازادیدا خەباتیان دەکردو ، پڕی بەندیخانەکان بوون . »[7]

لێرەدا شاعیر ووزەیێکی نوێ بوونەوەو هاوچەرخێتی بە بەر رەمزە ئەفسانەیی یەکاندا دادەکات و ، نایەوێ وەکوو سەردەمی زوو بیان جووڵێنێتەوە بەڵکوو دەیەوێ بیانکات بە ئەکتەری لێهاتووی سەرشانۆی ژیانی ئادەمیزادی هاوچەرخ .

گۆران لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا ، چەکوش وەشاندنەکەی (کاوە) ی رەمزی گەلی تێکۆشەر ، لە رووخاندنی زیندانی حوکمڕانەکانی وەکوو (نووری سەعید) و رژێمی پاشایەتیدا دەردەبڕێ و یادی شەهیدانی ناو زیندانەکانیش لەبیرناکات و دەڵێ : ـ

ئەو حەلە هەر لاوێ لە زیندانتا مرد ،
ئەبێتە مایەی بەخ بۆ نەتەوەی کورد ؛

لە بنکەی پەیکەریا ئەنووسرێ ناوی
لە گەڵ گشت کردەوەی پەسەند کراوی !

گۆران بە تەواوی دەیەوێ ڕەمزەکانی (کاوە) ی پێشو (کاوە) ی سەردەم بگوێزێتەوەو ، دەیەوێ نەتەوەی کاوەو هاوچینی کاوە ، ئەمڕۆ راست ببنەوەو بەدەست و بازووی خەباتی سەخت ، هەموو شەرفرۆش و ئیمپریالست و ناپاکێك لەگەڵ خاك یەکسان بکەن ، تاکوو هەرگیز نەتوانن جارێکی دیکە وەکوو (مار) سەر بەرز کەنەوەو ، هەنگوین و خۆشیی ژین لە ئادەمیزاد ڕپ کەن لەژارو ، لەهۆنراوەیێکیدا بەناونیشانی (نەورۆز) موە دەڵێ : ـ

ئەی نەتەوەی (کاوە) ی زنجیر قەف قەف بڕ
رۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان دڕ

گەرمی و ژین و شادیی هێنا بە دیاری
کوردی خستە جەژنی تازەی بەهاری[8]

ئینجا شاعیری هاوچەرخی هونەرمەندمان دوای ئەم سەرەتایە ، ڕوو دەکاتە هاوچین و هاو نەتەوەی (کاوە) ی شۆڕشگێڕ کە گەلی کوردەو پێیان دەڵێ : ـ

ئەی هاو چین و هاو نەتەوەی (کاوە) ی مەرد
تۆیش بە بازووی خەباتی سەختی وەك بەرد

شەڕ فرۆش و ئیمپریالست و ، ناپاك
وا داپلۆسە کە یەکسان بن لەگەڵ خاك

ئیتر هەرگیز ، سەر هەڵ نەبڕن وێنەی (مار)
هەنگوینی ژین لەمرۆڤ ڕپ کەن لە ژار

لێرەدا گۆران رەمزەکانی نەورۆزی وەکوو (ئەژدەهاك) و (کاوە) و (مار) لە مەسەلەیێکی نوێی هاوچەرخ بەکاردێنێ ، ئەویش خەباتی چینایەتی یە لەپێناوی نەهێشتنی چەوساندنەوەو رەنجمژیندا ، بۆیە هاو چین و ، هاو نەتەوەی

(کاوه) ی پێشوو هان دەدات بۆ لەناو بردنی ئەم رەنجمژین‌و زۆرداری‌یە کە ئیمپرپالست‌و نۆکەرە ناپاکەکانی دژی هەژارو چەوساوەکانی وولاتە ژێر دەستەکان دەیکەن .

گۆرانی شاعیری هونەرمەند ، نەك هەر لەم هۆنراوەیەی پێشوویدا ڕەمزەکانی نەورۆزی بۆ بزووتنەوەی میللەت‌و ڕووداوی ئەم سەردەماندا بەکارهێناوە ، بەڵکوو لەهۆنراوەی دیکەشیدا ئەو ڕەمزە ئەفسانەییانەی بۆ خەباتی نەتەوەیی‌و خەباتی چینایەتی لە پێناوی ڕەنجمژیندا بەکاردێنێ هەروەك لەم هۆنراوەیەیدا دەڵێ : ـ

ئەی کۆمەڵ یەك چینی فەقیر
نابێ هەرگیز دەرکەی لە بیر :

ئەو ئیستیعمارە خوێن مژە ،
کە کورد کوژە ، هەژار کوژە

ئەو (ئەژدیها) ژار پژێنە ،
پاروو لە ناو دەم فڕێنە ،

ڕەنجدەر لە برسا مرێنە
وەك پڵنگ شرکە بدڕێنە

با کوردستان سەر فراز بێ ،
بەهەشتی نیعمەت‌و ناز بێ ![9]

شاعیرێ هونەرمەندی نوێخوازمان هەر لەبواری گواستنەوەی ڕەمزەکانی نەورۆز بۆ رەمزو نیشانەی هاوچەرخ‌و بابەتی ئەم سەردەمەمانەوە ، جۆرە بەکارهێنانێکی دیکەی ئەو ڕەمزانەمان پێشکێش دەکات ، ئەمجارە بۆ مەسەلەی ململانێی نێوانی میللەتە ژێردەستەکان‌و ئیمپریالیزم‌و نۆکەرەکانی بەکاردێنێ کە لە هەموو گۆشەیێکی جیهاندا دەستی پێ‌کردبوو ، داوای ئازادی‌و سەربەخۆییان دەکرد . هەروەك لەهۆنراوە درێژەکەی [ لاوکی سوور ] دا کردوویەتی‌و ، بۆنموونەی (مام سام) ی نیشانەی ئیمپریالزمی ئەمەریکا ڕەمزی (ئەهریمەن) ی بەکار هێناوە کە نموونەی هێزی شەڕو خراپەکاری‌یەو (ئەهریمەن) یش هێزێکی سەرەکی‌یە لە ئەفسانەی شەڕو خێری نەورۆزی کورددا ، بۆ (جۆنبوڵ) ی نیشانەی ئیمپریالزمی بەریتانیاش ڕەمزی (ئەکوانی دێو) ی بۆ بەکار دێنێ‌و بۆ نۆکەرانیشیان ڕەمزی (درنج) یان بۆ دادەنێ ، ئەم ڕەمزانەش لە ئەفسانەی نەورۆزدا هەموویان سەر بەهێزی شەڕن ، هەروەك دەڵێ : ـ

خوای شەڕ ، گوناهـ ، ستەم ، تاوان
(ئەهرەمەن) ی گەورەی (دێو) ان

.

(مام سام) خۆی‌و (ئەکوانی دێو)
(جۆنبوڵ) ی پیر ، قلیان بە لێو

لەگەڵ سوپای ووردە (درنج)
دایانە بەر دەشتی برنج ![10]

گۆران بەوەندە نوێ کردنەوەی ڕەمزەکانی نەورۆز ناوەستێ بەڵکوو ڕەمزی وەکوو (ئەهریمەن) ی نموونەی هێزی شەڕ ، لەوێنەی ئادەمیزادێکی هاوچەرخی شەڕکەر دەردەخاو (بۆمبای ئەتۆم) ی وێرانکەرو ، لەناوبەری ئینسانی لە ناو باخەڵ دادەنێ‌و لە هەمان هۆنراوەی (لاوکی سوور) دا دەڵێ : ـ

ئەهرەمەن (ئەکوان) لە گەلا ،
بۆمبای ئەتۆم لە باخەڵا ،

سەر پڕ لەسەودای بەدکاری ،
زۆر بەسووری‌و بەلاساری

بەراست‌و چەپا ئەگەڕێ :
خاپوور ئەکا ئەکوژێ ئەبڕێ !!

گۆران وەنەبێ هەر لەمەیدانی خەبات‌و تێکۆشاندا ، ڕەمزەکانی نەورۆز لە سەردەمێکی کۆنەوە بگوێزێتەوە بۆ سەردەمێکی نوێ‌و بۆ مەیدانی خەبات‌و تێکۆشانی هاوچەرخ بەڵکوو دوای ئەو تاقی کردنەوانەی دێتە سەر دامەزراندنی هەندێ لەو ڕەمزانە بۆ مەسەلەیێکی دەروونیی خۆی ، هەروەك لە هۆنراوەکەی (وەڵامی پرس) دا کردوویەتی‌و هۆنراوەکەیشی

لەسەر باری ژیانی خۆی داناوە ، لەوکاتەی کە لە نەخۆشخانەکەی مۆسکۆدا لەسەر پشت ڕاکشاوەو دوکتۆرەکەی خەریکی چارەکردنی نەخۆشی یەکەی (شێرپەنجەی گەدە) ی بووەو خۆیشی زانیوویەتی دەردەکەی بێ دەرمانە لەگەڵ ئەوەشدا لە شیعر ووتن نەکەوتووەو ، لەسەر دامەزراندنی هەندێ لەو ڕەمزانە بە شێوەیێکی نوێ هەر بەردەوام بووە ، لە هۆنراوەکەیدا هەستاوە نموونەی (مار) ە کەی سەرشانی (ئەژدەهاك) ی گواستۆتەوە بۆ (مار) ی (شێرپەنجە) کەی خۆی کە دوکتۆرەکەی خەریکی کوشتنی بووە . چونکە پەیوەندی نێوانی (مار) ەکەی سەرشانی ( ئەژدەهاك) و (مار) ەکەی (شێرپەنجە) ی گەدەی شاعیر ، لەو ڕاو بۆچوونەی هەندێ لە نووسەرە وورد بینەکان و فۆلکلۆرستەکانەوە سەر هەڵ دەدا کە دەڵێن : ( لەوانەیە ئەو مارانەی کە لەسەر شانی « ئەژدەهاك » ڕوواون ، « مار » نەبوون ، بەڵکوو زامو برینی شێرپەنجە بوون ، بە مێشکی منداڵو هەرزەکاران ئەو زامانە کەمێك لەژان کەوتوون . (گۆران) یش لەسەر ئەو ڕاو بۆ چوونە ڕەمزی (مار) ەکەی (ئەژدەهاك) ی گواستۆتەوە بۆ مارەکەی شێرپەنجەکەی خۆیو گوتوویەتی : ـ

ڕاکشابووم لەسەر پشتم ،
دوکتۆرەکەم
ماری شێرپەنجەی ئەکوشتم[11]

خوێنەری بەڕێز ... وەك سەرنجتدا ئەو هۆنراوانەی گۆران ، بۆت دەرکەوت کە هونەرمەندانە ڕەمزی کۆنی ئەفسانەی نەورۆزی گواستۆتەوە بۆ مەسەلەی نوێو ژیانی سەردەمو خەباتی نەتەوەکەیو میللەتانی جیهان لە پێناوی ژیانێکی ئازادو پڕلە خێرو خۆشیدا . ئەگەر لە بازنەی ئەم چەند هۆنراوەیەیدا هەست بە سەرکەوتنێکی گەورەی گۆران بکەین ، ئەوا لە زۆربەی زۆری سەرجەمی هۆنراوەکانیدا ئەو سەرکەوتنەی هەر بەردەوامە .

بۆیە نەك هەر من بەڵکوو زۆربەی نووسەرو ڕەخنەگرانی ئەدەبی نوێی کوردیمان لەسەر ئەم ڕایەنو ، هەندێ لەو ڕەخنەگرانە دەڵێن : « گۆرانی شاعیر لە سەراسەری مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا ، یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەکانی نەتەوەی کورد . گەورەیی یەکەشی هەر لەوەدا نی یە کە شیعرەکانی لە ڕیزی بەرهەمی شاعیرە مەزنەکانی جیهاندا جێیان دەبێتەوە . بەڵکوو لە ڕوویەکی ترەوە ، هەر لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهاندا نموونەیێکی دەگمەنە .

ئەویش ئەوەیە کە گۆران لە ڕێرەوی شیعری خۆیدا بەچەند ڕێبازدا ڕابورد ، چەند بیرو ڕاو ڕێبازیش لە شیعرەکانی دەنگیان دایەوە ، بەڵام لەهەموو ئەو دەرفەتانەدا شاعیرێکی خوڵقێنەر بووە ، ڕابەرێکی تازەگەریی شاعیرانی ئەو پەیرەوە بوو لەناو کورددا . »[12]

ئەگەر ئەمەی خوێندتەوە بییرو ڕایێکی ڕاستو دروستی ڕەخنەگرێکی گەش بینی نەتەوەی کوردمان بێ لە بارەی (گۆران) ی شاعیری مەزنمان بەشێوەیێکی گشتی ، ئەوا لەم لێکۆڵینەوەیەماندا ووردترو لەگۆشەیێکی تایبەتی‌تر ، گەورەیی (گۆران) ی شاعیری هونەرمەندی نوێخوازمان ، لەبەکار هێنانی ڕەمزە ئەفسانەیی یە کۆنەکاندا لە بەرگو قالبێکی تازەو ، بۆ مەسەلەو بابەتی نوێی هاوچەرخدا بۆ دەر دەکەوێو ، ئەمەش نیشانەو خاسیەتێکی سەرەکی شیعری هاوچەرخە ، نەك هەر لەلای ئێمە ، بەڵکوو لەهەموو لایێکی جیهانی پێشکەوتوودا پەیرەو دەکرێ .

پەراوێزەکان : ـ

(1) محەمەدی مەلا کەریم ـ دیوانی گۆران ـ بەغدا 1980 ، ل : 221 .

(2) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل : 309

(3) مجلە الثقافة ـ العدد 8 آب 1977 . بغداد ـ د . داود سلوم ـ الرمزو الاسطورة في الأدب العربي . ص65 .

(4) د . عزالدين مصطفى رسول ـ الواقعية في الأدب الكردي ـ بيروت 1966 ، ص149 .

(5) محەمەدی مەلا کەریم ـ دیوانی گۆران ـ بەغدا 1980 ، ل : 268

(6) حسين علي شلنوف ـ شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله كوران ـ ترجمة شكور مصطفى ـ بغداد 1975 ، ص93 .

(7) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل : 94 .

(8) محەمەدی مەلا کەریم ـ دیوانی گۆران ـ بەغدا 1980 ، ل : 309 .

(9) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل : 410

(10) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل : 239

(11) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل . 221

(12) دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ـ عەبدوڵڵا گۆران ـ پاشکۆی دیوانی گۆران ـ پێشەکی یەك . بەغدا ، ل : 7 .